# کێ ئایندەی سیاسی مالیکی رزگار دەکات...؟

لوتکەی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق خاڵێکی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ ئەگەری گەیشتن بە هەر رێککەوتنێك سەبارەت بە چارەسەرکردنی تەنگژەی عێراق و دابەشکردنی دەسەڵات و بڕیاردان، چونکە کشانەوەی بەرەی تەوافوق لە حکومەت و هەڵپەساردنی کۆبوونەوەی وەزیرەکانی لیستی ئەلعراقیيە لەگەڵ مالیکی سەرۆك وەزیراندا بونەتە ئەوەی حکومەتی عێراق هەر بەناو وەك حکومەتێکی ئیئتیلافی یەکێتی نیشتمانی بمێنێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو حکومەتە بۆ بڕیاردان لەسەر چەند یاسایەکی بنچینەیی و گەیشتن بە رێککەوتنێك سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵات تووشی فشارێکی زۆری ئیدارەی ئەمەریکا بۆتەوە، کە ئەمەیش خاڵێکی زۆر گرنگە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگژەکەی عێراقدا کە بەرای دیپلۆماتکارێکی بیانی تەنگژەیەکی زۆر ترسناکە و هەڕەشەیەکی جدییە بۆ رووخانی تەواوی پرۆسەی سیاسی.

لوتکەکە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی کوردستان(کە دوو رۆژە گەیشتوتە بەغدای پایتەخت) و سەرۆك وەزیرانی عێراقی و هەردوو جێگرە سوننی و شیعییەکەی سەرۆك کۆمار بەیەك دەگەیەنێ، کارنامەیەکی رێکوپێکی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە بۆ ئامادەکراوە و چاوەڕوانیش دەکرێ بە هەوڵ و کۆششی سەرۆکی کوردستان و لایەنە بەشداربووەکان، لوتکەکە وەك ئەنجام رێککەوتنێکی فیعلی لێ بکەوێتەوە و رێخۆشکەرێکیش بێت بۆ بڕیاردان لەسەر چەند یاسایەك کە ئێستا ئەنجوومەنی نوێنەران بە هۆی ناکۆکی هێز و لایەنە سیاسییەکان و جیاواز، لە دید و بۆچوونیان نەیتوانیوە، بڕیاریان لەسەر بدات، ئەو شەڕە ناوخۆییەی کە بەشە عەرەبییەکەی عێراق گرتۆتەوە حکومەتی فیدراڵی تووشی ئیفلیجی کردووە، ئەمە سەرەڕای نەگەیشتن بە رێککەوتنێك سەبارەت بەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی نەوت و رێدان بە ئەندامە پێشووەکانی حزبی بەعس و گەڕانەوەیان بۆ سەر فەرمانە حکومییەکانیان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکانەوە هەیە.

ئەو شەڕەی کە بە دوور نازانرێ بەشە کوردییەکەی عێراقیش بگرێتەوە، مەبەستیشم نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، ئەگەر بێتو کێشە هەڵبەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا یەکلا نەکرێتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی فیدراڵەوە هەیە.

کەواتە کێشەکانی مالیکی زۆرن و پرۆسەی سیاسی ئێستا ی عێراقیش لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە وخودی سەرۆك وەزیرانیش بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە بۆ بەرژەوەندی خۆی گەمەیەکی زۆر سەیر دەکات.

بەڵام تا ئێستا نەیتوانیووە لەو گەمەیەی خۆیدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

هەوڵەکانی رزگارکردنی پرۆسەی سیاسی لەو تەنگژەیە گەیشتوتە بنبەست و هەتا ئەگەر حکومەتە درز تێکەوتووەکەی مالیکی بەهۆی پشتگیریکردنی لوتکە پێنج قۆڵییەکە وتا دەرچوونی راپۆرتەکەی کرۆکەر- پەتریۆس بهێلرێتەوە، ئەوا قۆناغی پاش مالیکی بە فیعلی دەستی پێکردووە، ئەو راپۆرتەی کە وا بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی داهاتوو پێشکەش بە کوشکی سپی بکرێ ودواتریش بۆ کۆنگرێس بەرزبکرێتەوە، نیشانەی سیاسی وهاوکێشە و هاوپەیمانی و ریزبەندییەکانی نا ئارامی سەر گۆڕەپانی عێراق ئەوە دەسەلمێنن کە مالیکی هیچ هەلێکی لەبەردەم نەماوە بۆ رزگارکردنی جەستەی ئیئتیلافە حکومییەکەی، بەتایبەتی ئەگەر لیستی ئەلعراقیيە بە یەکجاری خۆی لەحکومەتەکەی بکشێنێتەوە، چونکە دەبێتە دووەم هاوبەش پاش بەرەی تەوافوق هەنگاوێکی وا بنێ کە ئەگەر نای ئەوە بەرەکە لەبن پێی مالیکی و دەستو پێوەندکانی دەردێنێ کە بەردەوامی لایەنە سوننییەکانی بە سلبیەت و پیلانگێڕان و ئاژاوە نانەوە و فەشەلهێنان بە حکوومەتەکەی تۆمەتبار دەکرد، چونکە قەوارەکەی عەلاوی وەك بەرەی تەوافوق نییە و جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەرەی تەوافوق ئەندامەکانی هەر هەموویان سوننە مەزهەبن، بەڵام لیستەکەی عەلاوی گشت پێکهاتە نەتەوەیی وئایینیەکانی بەخۆ گرتووە، کە دەکرێ بڵێین، سەرەڕای کورد و تورکمان و مەسیحی و شیعە وسوننەشی تێدایە، کە ئەویش تەنگژەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات.

قەبوڵنەکردنی مالیکی دەست لە کارکێشانەوەکەی وەزیرانی بەرەی تەوافوق وەك هەوڵێك بۆ رزگاکرانی حکومەتەکەی و رێگەگرتن لەو هەوڵانەی کە بۆ لابردنی دەدرێن و هەروا گەڕان بە دوای شێوازێکی ئەلتەرناتیڤی بۆ شێوازە سەرنەکەوتووەکانی پێشوو کە لەسەر بەشکاری تایفی و عەقلیەتی تۆڵەسەندنەوە و فەرامۆش کردنی بەرامبەر لەلایەن ئەو حکومەتانەی کە پاش (٩) ی نیسانی ٢٠٠٣ و لە ژێر سەرپەرشتی ئەنجوومەنی حوکم وحکومەتی کاتی و هەمیشەیی ئێستا بەڕێوەچوون، پێم وایە ئەگەر ئێستاش سەر بکەوێ بەڵام لە کۆتاییدا هەر سەرناکەوێ، حکومەتە هەمیشەییەکەی مالیکی کە ساڵ و نیوێکە پێك هێنراوە نەیتوانیوە هیچ فایلێك جێبەجێ بکات کە



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

●●●

**کێشەکانی مالیکی زۆرن و پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراقیش لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە و خودی سەرۆک وەزیرانیش بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە بۆ بەرژەوەندی خۆی گەمەیەکی زۆر سەیر دەکات**

●●●

●●●

**ئەو راپۆرتەی کە وا بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی داهاتوو پێشکەش بە کوشکی سپی بکرێ ودواتریش بۆ کۆنگرێس بەرزبکرێتەوە، نیشانەی سیاسی و هاوکێشە و هاوپەیمانی و ریزبەندییەکانی نا ئارامی سەر گۆڕەپانی عێراق ئەوە دەسەلمێنن کە مالیکی هیچ هەلێکی لەبەردەم نەماوە بۆ رزگارکردنی جەستەی ئیئتیلافە حکومییەکەی**

●●●

بەڵێنی جێبەجێکردنیانی دابوو، هەتا لێدوانە پاساو دارەکەی بەرپرسانی ناو حزبەکەی مالیکی ئەو فەشەلهێنانەی حکومەتی پێ ناشاردرێتەوە وەك ئەوەی حەیدەر ئەلعیبادی کە دەڵێ: حنێرمان لێ چاوە ڕوان دەکەن، لە کاتێکدا پێشتر کەسمان ئەزموونێکی ئەوتۆمان لە حوکمی عێراقدا نەبووە، ئەو قسانە زۆر گرنگ نین وداواش نەکراوە تاوتوێ بکرێن، چونکە لە بنەڕەتدا بە هایەکی ئەوتۆیان نییە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەڵێن ئەزموونێکی پێشوومان لە حوکمی عێراقدا نەبووە هەر ئەوانەن کە رەنگی دەسەڵاتیان لەلای خەڵك جوان کردووە و بەڵێنیشیان پێداون ئاسۆیەکی رووناکیان بۆ دابین بکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە عێراق، گەل، دەوڵەت، نیشتمان رزگار بکرێ.

مالیکی لە هەموو کەس زیاتر مەعنییە بە رزگارکردنی ئایندە سیاسییەکەی، واشنتۆن پۆستیش بە ڕاوشکاوییەوە ئاماژە بەو مەسەلەیە دەکات و دەڵێ:

مالیکی و راوێژکارانی زیاتر بایەخ بە مانەوەیان دەدەن، نەك بە تێکڕایی نیشتمانیی.

لە کاتێکدا حکومەتی مالیکی گەیشتۆتە ڕێیەکی داخراو، بەهۆی بونیادنانی لەسەر بنچینەیەکی تایفی و ئەتنی، پرسیار ئەوەیە : مالیکی لەو ئان و ساتەدا بۆ دەچێتە ئەنقەرە و تاران؟

بە تەئکید مالیکی بۆ گەشتوگوزار و رابواردن نەچووە تورکیا و ئێران، راستە بۆ پیرۆزبایی کردن چووە تورکیا بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەردۆگان و حزبەکەی لە وەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانی، بەڵام چاوی مالیکی لەسەر هەولێر و هاوپەیمانی کوردستانییە نە وەکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هەڵوێستیاندا روو بدات و ئەوانیش بگەنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ مالیکی بە کەسایەتیەکی هاوسەنگتر و کەمتر تایفی و تۆڵەسێەر و فەرامۆش کەربێت.

پەیوەندی ئەنقەرە بەو بەزمە چییە؟

ترسی ئێستای کوردی عێراق لە کۆکردنەوەی هێزی سەربازی تورکیایە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان(٢٠٠ هەزار سەرباز) کە مەبەستی پێکانی دوو ئامانجە:

١- لێدانی پێگەی پارتی کرێکارانی کوردستان

٢- فەشەلهێنان بە ماددەی(١٤٠) ی دەستوور

ئەو ماددەیەی کە تا ئێستا جێی ناکۆی نێوان قەوارە و پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراقە، بەتایبەتی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵدا کە مالیکی سەرۆکایەتی دەکات کە لە دوا سەردانیدا بۆ هەولێر و بەمەبەستی زامنکردنی پشتگیری و پشتیوانی هاوپەیمانی کوردستان و مانەوەی لە دەسەڵاتدا بەڵێنی بە پەلەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەی دا.

ئەم بابەتە ئەگەر تەنیا ئامانج نەبێ بۆ سەردانەکەی مالیکی بۆ ئەنقەرە، بەڵام ئامانجی سەرەکی بوو.

پرسیار ئەوەیە: ئایا مالیکی لەو سەردانەیدا بۆ تورکیا توانی ئەو ئامانجە بپێکێ؟

دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بە ئەرێ و نەرێ بدەینەوە: لە کاتێکدا ئەو سەردانە هەلێك بوو بۆ حکومەتی ئەردۆگان و هەرێمی کوردستان بۆ دواخستنی هەر هێرشێکی سەربازی تورکیا بەڵام لە هەمانکاتدا بە پێچەوانەی ویستی کورد بوو کاتێ دانی بەوە نا کە پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە، چونکە ئەو داننانە ئەرك و ئیجرائاتی دیکەی بە دواوە دێت کە نە لە بەرژەوەندی عێراقە و نە لە بەرەژوەندی کوردیشە ولەوانەیە تورکیا ئەو داننانە بە خراپی ئیستغلال بکات و بە ئەمەریکا بڵێ فەرموو من هەموو شێوازە ئاشتییەکانم جێبەجێکرد وهیچ سوودی نەبوو، بۆیە هەقی خۆمە یەك لایەنە کارێکی سەربازی ئەنجام بدەم.

رووکردنەکەشی بۆ ئێران وەك کاردانەوەیەکی کردەکی بوو لەسەر کشانەوەی وەزیرە سوننەکان و نوێکردنەوەی هاوپەیمانی بەرەکەی بوو لەگەڵ ئێراندا وەك هاوپەیمانێکی نزیك و بڕیار لەدەست.

بە قەناعەتی من سەردانەکەی مالیکی لە رۆژی ٨ی ئاب بۆ ئێران قەت بە ڕێکەوت نەبوو، لەو رۆژەدا ئاگربەستی نێوان عێراق و ئێران چووە بواری جێبەجێکردن، بۆیە ناکرێ بڵێین مالیکی و راوێژکارانی ئاگایان لەو رۆژە نەبووە، بەلکو مەبەستێکی بەدواوە بووە و چەسپاندنی سەرکەوتنە مەعنەوییەکەی ئێران بووە کەعێراقییەکان بە دۆڕاوی لە قەڵەم دەدەن و ئەم گەمەیەی مالیکیش هەر بۆ ئەوە بووە ئەمجارەش ئێران بەلای خۆی راکێشێ و کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات وەك ئەوەی کە لە کاتی تەنگژەکەیدا لەگەڵ رەوتی سەدردا بۆی کرد، بەڵام ئایا ئێران ئەمجارە دەتوانێ وەك جارانی پێشوو ئەو کارە بکات، بەتایبەتی کە کێشەی ئەمجارەی مالیکی لەگەڵ خودی سوننەکانە و لەلایەن چەند وڵاتێکی عەرەبییەوە پاڵپشتییان لێ دەکرێ ودژی دەسەڵاتی زیاتری ئێرانن لە ناوعێراقدا.

بەڕاستی مالیکی گەمەیەکی جوانی کرد و بەرەدەوامیش دەبێ لەو گەمانەی خۆی کە پاش هەوڵی هەندێ لایەن وهێزی سیاسی و چەند پایتەخت، لەوانە واشنتۆنیش، دەستی پێکردووە.

هاوکێشە و ریزبەند و هاوپەیمانییە پێشووەکان گۆڕانکارییان تیا کەوتووە و ئایندەی سیاسی مالیکیشەلەدەست واشنتۆنە نەك ئێران، بۆیە لێدوانەکانی ئەم دواییەی وەك هەوڵێکی بێ ئومێد لە قەڵەم دەدرێ کە دەیەوێ خۆی راکێشێ کە بە فەشەلهێنان تۆمەتباری دەکەن و ئیستیغلالی ئەو بیرۆکەیەش دەکات کە دەڵێ: لەگەڵ بەردەوامی فشارەکانی دیموکراتەکان لە کۆنگرێسدا بە کشانەوەی هێزەکان سەرۆك بۆش ناتوانێ بەرگەی گۆڕانکاری لە حکومەتی ئێستای عێراقدا بگرێ کە بۆ پێکهێنانی چوار مانگی ڕەبەقی پێویست بوو.